# گۆرانی فۆلكلۆری منداڵانی كورد و چەند لێكۆڵینەوەیك

مناڵ هەر لە سەرەتای بوونیەوە خولیای دەنگ و ئاواز و جوڵەیە. تەنانەت هەندێ لە پسپۆڕانی دەروونی منداڵ دەڵێن: مۆسیقا هەر لە یەكەم رۆژی لەدایك بوونی منداڵەوە دەبێتە هاوشانی ژیان منداڵ. تا ئەو رادەیەی كە منداڵ لە یەكەم چركەی لە دایك بوونیا بە (گریان) مەڵاشووی دەكرێتەوە. بۆیە هەر لە سەرەتای ژیانیەوە ئاشنای دەنگە. دەنگیش بنەمایەكی سەرەكی مۆسیقایە .

دەنگیش: بریتییە لە لەرینەوەی شەپۆلدار كە لە هەوادا بە هۆی لەرینەوەی تەنێكەوە (قورگ _ ژێ) بڵاودەبێتەوە. هەرچەندە دەنگی منداڵ لەسەرەتا دا مۆسیقی نییە بەڵام ئەگەر لە ساڵانی دواییدا رابهێنرێت دەبێتە دەنگی مۆسیقی چۆنكە دوو جۆر دەنگ هەیە مۆسیقایی و نامۆسیقایی. دووهەم بنەمای مۆسیقا بریتیە لە (رێتم) واتە ئیقاع ئەویش بریتییە لە یەك بە دوای یەك هاتنی كاتە مۆسیقاییەكان ئەگەر وەك یەك بن یان جیاواز ئیقاعیش بەشێكی گرنگی مۆسیقایە بگرە هەموو بوون لەسەر ئیقاعێكی رێكءپێك بەرێوەدەڕوات هەر لە دوای یەكتر هاتنی ساڵ و مانگ و وەرزەكان _ زستان _ بەهار _ هاوین _ پایز تا دەگاتە شەو و رۆژ تا دەگاتە ئەوەی ژیانی هەموو بوونەوەر (مرۆڤ _ گیاندار) بەندە بە لێدانی (دڵ)ەوە كە بە شێوەیەكی ورد كۆك كراوە كە بە بەردەوامی ژیان دەپارێزێت كەواتە نەمانی ئیقاع واتە نەمانی ژیان. بۆیە دەبینین مناڵ هەر لە سەرەتای ژیانەوە ئاشانی ئیقاعە ئەویش بەوەی كە مناڵ لەسەر ئیقاعی (بێشكە _ جۆلانە) خەوی لێ دەكەوێت چونكە ئەو دووبارە بوونەوە و چەند بارەوەبوونەوەی جوڵاندنی بێشكەكەی لەشی خاو دەبێتەوە و چاوی دەنێتە خەو كەواتە دەنگ و ئیقاع دوو توخمی سەرەكی مۆسیقان بەم شێوەیە مۆسیقا دیاردەیەكی سروشتی ژیانی مرۆڤە و لەگەڵ بوونیدا ئاشنایەتی .

هەر لە مانگەكانی تەمەنی مناڵیەوە گوێی بە دەنگ و ئاواز دەكرێتەوە و نزیكترین دەنگیش دەنگی بە سۆزی دایكە كە لە مۆسیقادا چینی سۆپرانۆی پێ دەگوترێت واتە (تیژ) بۆیە منداڵ ئاشانی ئەو ئاوازانە دەبێت كە لە زاری دایكی دێتە دەرەوە:

نموونە: هۆ لایەلایە رۆڵە لای لایە

شەوگار درەنگە بۆ خەوتنایە

دووهەم قۆناغی گەورە بوون قۆناغی دانیشتن واتە قنگ گرتن ئەو كاتەی مناڵ دەتوانێت دانیشێت لەم قۆناغەدا جۆری ئاوازەكان و ئیقاعەكان دەگۆڕێت و مناڵیش خۆی (شەق شەقە) دەگرێت بە دەستەوە و ئیقاعەكان خێراتردێن بۆ نموونە:

ئش ئش

پەڵپینە بە ترش

پاشان قۆناغی پێ گرتن كە ئەم ئاواز و هۆنراوەش هەر لە لایەن گەورەوە دادەنرێت ئەو كاتەی كە مناڵ (رەورەوەی تەختە)ی دەدرێتە دەست و یارمەتی دەدات زوو پێ بگرێت.

دەبینین كە مناڵ لە قۆناغەكانی منداڵیدا تا ئەو كاتەی كە گەورەدەبێت دەچێتە كۆڵان و خوێندنگا لە توانایدا نییە ئاواز و هۆنراوە یان خاوەنی یاری كردن بەڵكو گەورە بۆی دادەهێنێت و ئەویش لە گەڵیدا هەستی دەبزوێت بەڵام پاش قۆناغی مناڵی تەمەنی 5-6 ساڵان خۆی دەبێتە داهێنەری گۆرانی و ئاواز و یاریەكانی خۆی.

رۆڵێكی تری گرنگی گۆارنی و مۆسیقای مناڵ ئەوەیە كە مناڵ فێری ئەوە دەكات كە لە گەڵ ئاوازەكاندا سەما بكات و یاری بكات. چونكە سەما كردنیش دیاردەیەكی سروشتی مرۆڤە و

پابەندە بە جوڵە سروشتیەکانی مرۆڤە و هونەرێکی جوانیشە ئەویش ئاوازێک یان ئیقاعێک کار دەکاتە سەر هەستی ئەو بوونەوەرە مرۆڤ _ یان گیاندار دەیخاتە جوڵە و سەما .
دەبێ ئەوەش لە یادنەکەین کە گۆرانی منالان هەر لە تەمەنە و گۆارنی و یاری کردنی خۆی هەیە تەنانەت بیرکردنەوەی خۆی هەیە، ئەو گۆرانییەی بۆ منداڵێکی 5 ساڵە دەست دەدات بۆ منداڵێکی 8 ساڵە دەست نادات و ئەوەی بۆ 8 ساڵ دەشێت بۆ منالێکی 12 سالان ناشێت و چێژی لێ وەرناگرێت. بۆ نموونە منالْ لە تەمەنی 5-6 سالێدا ئەو قامیشەی سواری دەبێت وادەزانێت ئەسپێکی راستەقینەیە ئەو (سێ پێچکە تەلەی) لێی دەخورێت وادەزانێت ئوتومبلێکی راستە هەروەها ئەو چیرۆکە خەیاڵاویانەی لە تەمەنێکی دی بۆی باس دەکرێت وادەزانێت خۆی پاڵەوانی چیرۆکەکەیە .
بۆ نموونە :
هۆرێوی ڕێوی هۆو
رێوی بێ ئیمان هۆو
شەریکی شەیتان.. هتد
بۆ منداڵێکی 12 سالان ناگونجێت.
یان لە قوناغێکی تری گەورە بوونی منالْ پابەندی ئەو گۆرانیانەیە کە جووڵە و سەما ویاری کردنی تێدایە یان راکردن و هەڵبەز و دابەزکردن .
وەک: سابوونی رەقی
پشتم تەقی
ئەوەی جێی باس کردنە منالْ تا تەمەنی 12-13 سالێ خولیای گۆرانی و یاری منالانە و پاش ئەم تەمەنە تەمەنی هەرزەکاری دێت ئەمیش لێکۆڵینەوەی تایبەتی خۆی هەیە کە لە باسەکەدانییە.
"شی کردنەوەی گۆرانی فۆلکلۆری منالان"
گەر سەرنجێک بدەین لە گۆرانی فۆلکلۆری منالانی کورد دەبینین چەند تایبەتمەندییەکی تێدایە چە لە رووی گەشەکردنی باری کۆمەلایەتی و ئابووری و رۆشنبیری و رامیاری کورد و هەروەها لە رووی کات و شوێن و تەنانەت لە شارەوە بۆ لادێ چۆنکە منالْ لاسایی دەورووبەری دەکاتەوە لە رووی گەشە کردنی کۆمەلایەتی و تێکەڵ بوونی لە گەڵ هاوتوخمی خۆیدا ئەگەر کوڕ بێت یان کچ منالْ هەست بە جیاوازیەکان ناکات بەڵکو کۆمەڵ بەسەریدا دەیسەپێنێت. هەرەوەها گۆرانی منالان لە زارێکەوە (لهجه) بۆ زارێکی تر گۆڕان و جیاوازی تێدایە چە لە رووی بەکار هێنانی وشە یان ئاواز ئاشکراشە کە رۆژ بە رۆژ ئەم ئاواز و گۆارنییە بەرەو لە ناوچوون و لەبیرچوونەوە دەچێت بە هۆی گەشەسەندنی لایەنەکانی ژیان لە رووی ئابووری و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری و کەلتووری و هەروەها پەرت بووین ژیانی کۆمەڵ و گەورە بوونی شار و داهێنانە تەکنەلۆژیەکان و زانستیەکان و ئالۆزبوونی ژیان و هاتنە کایەوەی هۆی راگەیاندنی دی وەک تەلەفەزیۆن _ ڤیدیۆ _ ئەتاری _ سیگا و چەندەها لایەنی تری ژیانی منالْ بۆیە پێویستە لەسەر پسپۆرانی ئەم بوارە کەئەم گۆارانی و ئاوازانە بپارێزن چ بە نووسینەوەی هۆنراوە و ئاوازەکانیان یان تۆمار کردنیان لەسەر شریتی کاسێت و ڤیدیۆ و هەڵگرتنی لە ئەرشیڤی تایبەتی و لێکۆڵینەوە لەسەری چونکە میللەتان ئەم کارەیان زۆر ئەنجام داوە و هەموو گۆارنیە فلکلۆرەکانی خۆیان پاراستووە و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەن تەنانەت عەرەبەکانیش و ئەوەی من ئاگادارم لە سەرەتای سالانی هەشتادا مامۆستا حسین قدوری کتێبێکی بە ناوونیشانی (اغانی ولعب الاگفال) پێشکەش کردووە هۆنراوە و نۆتەی هەموو ئەو گۆرانی و یارییە منالانەی نووسیوەتەوە و لە لەناوچوون رزگاری کردووە و ئەگەر بە شێوەیەکی ورد و زانستیانە لەم گۆرانی و ئاوازانە بڕوانین ئەم خالانەی خوارەوە بەدی دەکەین:

1- ئەوەی ئاشکرا و دیارە زۆربەی ئەم گۆرانیانە لە تەمەنی یەکەمی مندالّی چ ئاواز چ هۆنراوە لە لایەن گەورەوە دانراوە بە تایبەتی دایک چونکە تێکەڵی مندالّ زیاتر لە گەڵ دایکدایە پاشان کاتێ منالّ گەورە دەبێت خۆی دەبێتە خاوەنی ئاواز و هۆنراوە و یارییەکانی خۆی.
بۆ نموونە کاتێ کە منالّ پێ دەگرێت ئەو کاتەی کە نازانێت ئاواز و هۆنراوە دابنێت گەورە ئەم ئاوازە دەڵێت و لە گەڵ پاڵ پێوەنانی رەورەوەکەیدا دەڵێت:
دارە دارە پێ بگرە بەهارە
2- ئەوەی کە لە گۆرانی منالاّندا رەچاو دەکرێت کە زۆربەی گۆرانیەکان کوڕ و کچ پێکەوە یاری دەکەن و گۆارنیەکان دەڵێنەوە کەواتە کۆمەڵگای کوردەواری لە سەرەتای سەدەی بیستەم رێی داوە کە منالّ لە منالّییەوە تێکەلاّوی یەکتر بن بەلاّم دەبینین لە یاری فلکلۆرەکاندا کە زۆرتر جوڵەی تیایە یاری کوڕان لە گەڵ کچاندا جیاوازە : وەک مالّ باجینە _ خەت خەتین _ هەڵمەقۆ بۆ کچ _ یەکەوحەیزەران _ یەکەو گۆتە کە فڕیوە _ هەلوکێن بۆ کوڕ نموونە بۆ ئەو گۆرانیە کە کوڕو کچ پێکەوە دەیڵێنەوە.
ا _ پشیلە سوورە بە کویا چوو
عەزری دڕی پیایا چوو
بەلاّم ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە کوڕ یان کچ گۆرانی تایبەتی خۆی نییە. بۆ نموونە : _ کوڕان حەز لە شەڕە کەڵەشێر دەکەن و لە کاتی بە گژاچوونی کەڵەشێرەکان ئەم گۆرانیە دەڵێن.
ب) دگل دگل دانە
شەڕی مامە خانە
یان کچ پێکەوە یاری دەکەن و ئەم گۆارنیە دەڵێن:
نموونە:
ئاگری شینی گیایی
بۆ مەیلی برایی
مەیلی برام حەوت جووتە
ئەسپی کاکم لە جووتە
هۆ کچێ تەقەتەق مەکە
گوارەکانم ئەفرۆشم
ئەیدەم بە قەرەوێڵە
لەسەری دائەنیشم
نموونەیەکی تر بۆ گورانیەک کە کچ دەیڵێنەوە بە یەکەوە.
ئایشێ بنەوشێ
گسکێ بدە لە حەوشێ
ئەگینا دایکت دەت کوژێ
یاخوا لەشت داوەشێ
3- گۆارنی منالاّن لەگەڵ وەرزەکانی سالّ دەگۆڕێت بۆ نموونە ئەو گۆرانییانەی کە لە زستان دەگوترێت جیاوازە لە باران بڕان چونکە هاوینان بە رۆژ یان بە شەو دێنە گۆڕەپان و کۆلاّن .
بۆ نموونە گۆرانی مامە پیرە لە هاویندا یان بەهار دەگوترێت کە منالّێک خۆی دەکات بە مامە پیرە و گۆچانێک دەگرێت بە دەستەوە و سەعاتێک دەکاتە دەستی و منالاّنیش بە گۆرانییەوە لێی دەپرسن
مامە پیرە سەعات چەندە
پێم نەگوتن سەعات یەکە

مامە پیرە سەعات چەندە

پێم نەگوتن سەعات دووە

بەم شێوەیە دەڕوات تا دەگاتە دوانزە بەم شێوەیە منالآن فێری سەعات خوێندنەوە دەبن.

نموونە لە گۆرانی باران بڕان کاتێ کە باران نابارێت منالآن لە پەڕۆ بووکێک دروست دەکەن و بە مالآندا دەگەڕێن کەیبانووی مالەکەش جامێک ئاو دەکات بە بووکە کەداو منالآن ئەم گۆارنیە دەلێن کوڕو کچ پێکەوە

بووکە بەبارانێ

سەعاتی جارانێ

ئاوی میزەلدانێ

ئاوی بن دەغلانێ

هەیاران و مەیاران

یاخوا داکاتە باران

بۆ فەقیر و هەژاران

یان شەوانی زستان کە منالآن بەڕیز دادەنیشن و هەموویان قاچ رادەکێشن کە یەکێک لە منالآن دەست دەخاتە سەر قاچیان و یەکە یەکە لە گەل ئیقاعی گۆرانییەکە دەڕوات و کە دەلێت (ئەوەی گەزی ئەو منالە قاچ دەنووشتێنێتەوە) بەم جۆرە تا کۆتایی گۆرانیەکە .

هەلوور بەلوور تەکامە

زەرد و سوور و شەمامە

ئاوە بەرە دەنکە زەرە

مێخم کوتی مێخ هەلبەزی

تیکەی راستی ئەوەی گەزی

یان

-2ئاخچی بوخچی دایە و بابە سندوقچی

-3هەروەها گۆرانی (سابونی رەقی پشتم تەقی ) کە لە زستان لە ژوورەوە منالآن پشت دکەنە یەکتر و هەردووکیان یەکتر بەرز دەکەنەوە .

سابون رەقی

پشتم تەقی

-4لە رووی هۆنراوەوە دەبینین زۆربەی هۆنراوەکان سادە و ساکارن لە گەل گیانداران دا دەدوێ پەیوەندی بە بیرکرنەوەی هەستی منالیەوە هەیە

وەک: هۆ رێوی رێوی هۆو

رێوی بێ ئیمان هۆو

شەریک شەیتان

کاسە و ماسەکەی پڕ کر لە سندان

یان حاجی لەق لەق مار هات

ماری ژەنگ و ژار هات

لەیلێ بەگریان هات

پیرێژن بە گۆچان هات

-5لە رووی ئیقاعەوە زۆربەی ئاوازەکان رەزمی سادەن ( الوزن بسیگ) ئەویش رەزمی دوانی 4/2 یان 4/4 وە بەدەگمەن ئیقاعی تێکەلآو (الوزن مرکب) وەک 8/6 لە گۆرانی مامە پیرە هەروەها زۆربەیان لەسەر یەک ئیقاع بەردەوام دەبن لە سەرەتای گۆرانیەکەوە تا کۆتایی دەگەمەن نەبێت

وەک گۆرانی (بووکە بە بارانە) کە ئیقاعەکەی دەگۆڕێت سەرەتا بە ئیقاعی 4/4 دەست پێ دەکات پاشان دەگۆڕدرێت بە ئیقاعی 8/6 ئەویش پێوەندی بە جوولەی منداڵەوە هەیە .

-6لە رووی هۆنراوە وە زۆربەی زۆری هۆنراوەکان سادەن هەروەها منالْ لاسایی دەورووبەری دەکاتەوە و جاری وا هەیە لە وشەکان تێناگات و ئەیلێتەوە بۆ نموونە تەنانەت منالأنی کورد بە هۆی تێکەلأویان لە گەلْ منالأنی عەرەبا ئەم گۆرانیە منالأنەی عەرەبیان بە هەلْە دەگوتەوە کە بەم شێوەی خوارەوە دەیانگوت:

استعلا فات فات

ئیزیل و سەباع لەفات

رێوییەکە رۆی رۆی

کلکەکەل حەوت جار رۆی

کە خۆی بە عەرەبی بەم شێوەی خوارەوەیە

الپعلب فات فات وژیلە سبع لفات

یان ئەم گۆرانی دی کە لە منالأنی عەرەبەوە وەرگیراوە

اللە یسبحکم بالخیر

یالعمارە العمارە

اللە ایمێیکم بالخیر

یالعمارە العمارە

-7زۆربەی گۆرانی منالأنی کوڕ لە گەلْ یاری کردندا تێکەلْە بگرە لەوانەی ئەو یارییە بووبێتێە هۆی ئەو ئاواز وهۆنراوەیە کە ئەمش ئەوە دەگەیەنێت کە مۆسیقا و یاری کردن و سەما پەیوەندییەکی گرێدراویان پێکەو هەیە و دەچێتە ناو ناخی مرۆڤەوە و کاری لێدەکا.

-8زۆربەی ئەو کاتە مۆسیقیانە کە لە گۆرانیەکاندا بەکار هاتوون ئەو کاتانەن کە منالْ بە ئاسانی بۆی دەگوترێت وەک٦ بلانش یان نوار یان کرۆش بە دەگمەن دەبلْ کرۆش بەکار دەهێنرێت چونکە کاتێکی خێرایە و بۆ هەناسە دانی منالْ ئاسان نییە و جارجارەش نیشانەی وەستان بەکار دێت لەبەر کەم هەناسەیی منالْ

-9لە رووی دارِشتنی ئاوازەکانەوە زۆربەی گۆرانیەکان لە پەیژەی گەوەرەیە MAJOR پەیژەی بچووک MINOR هەروەها نیشانەی چارەکە تۆن زۆر دەگمەنە چونکە لەگەلْ دەنگی منالأ ناگونجێت.

-10لەبەر ئەوەی چینی دەنگی منالْ (سۆپرانۆ _ تیژە) ئەو گۆارنیە لە کاتی وتن و نووسینەوە دا لەو چینەدا دادەرێژرێت.

-11لە رووی مەودای دەنگەوە(المسافە الێوتیە) زۆربەی ئەو گۆرانیانە مەوداکانیان لە یەک چواریلە (تەتراکۆرد) واتە چوار دەنگ تێناپەرِێت و هەرگیز (ئۆکتاڤ) واتە هەشت دەنگ تەواو ناکەن و بگرە زۆربەیان لە یەک دەنگ جێگر دەبن مەگەر باز بدەن بۆ چوار میانەیی لە خوارەوە کە پێی دەلْێن ( حرکە نازلە) سۆل _ دۆ یان مەودایەکی سێ دەنگی ( المسافە پالپە) سەرکەون ( حرکە ساعدە) پاشان دەگەرِێتەوە سەر دەنگە جێگیر بووەکە (نغمە الاستقرار.(

-12زۆربەی ئەم گۆارنیانە بە شێوەی جیاواز جیاواز دەوترێت بەلأم هێندەی ئەوەندەی کە بە منالْی وتراوە و بەپێی شارەزایی خۆم لەم بوارەدا و گەرِانەوەم بۆ کاتی منالْی سوودم لەم ئاوازانە وەرگرتووە .

تێبینی :

ئەو گۆارنیانەی کە نووسراوەتەوە هەمووو ئەو گۆارنیانە نین بەڵکو زۆر گۆرانی دی هەیە هەوڵ دەدەم کە لەسەرچاوەی ترەوە یان کەسانێکی دییەوە وەریان گرم و بنووسرێتەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت بۆ ئەوەی ببنە بنەمایەک بۆ گۆرانی منالانی کورد .

کوردستانی نوێ _ ئەدەب و هونەر
ژمارە 1452
پێنج شەمە 1997/8/21
لاپەڕەی 5 و 8